# پرۆسەی بێدەنگ کردن
# یان
# لیستی ڕەش ...!

**سامان ئاسۆ**
Samanaso44@yahoo.com

(ڕوناکبیران ئەو کۆمەڵە کەسەن کە بەبێ ئەوەی ئەرکێکی سیاسی لەپشت چالاکیەکانیان لەبواری پیشەکەیانەوە بێت. لە کاروبارێکدا خۆتێ دەگەیەنن و قسە دەکەن کە بەرژەوەندی وچاکەی گشتی و کۆمەڵگای تیا بێت)
ئەناتول فرانس

ماوەیەکە لێرەولەوێ بەدوای ڕێکەوتنە ستراتیژیەکەی نێوان ( پ.د.ك) و (ی.ن.ك) ، قسەلەسەر ئەوەدەکرێ ، کەکۆمەڵێك نووسەرو ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووس ناویان چوەتە لیستی ڕەشی دەسەلاتەوە ... ئەوەکارێکی زۆرئاسایی و چاوەڕوانکراوە ، لەبزوتنەوەی کوردایەتی ، چونکە ئەم بزوتنەوەیە هەرگیز باوەڕی بەئازادی نەبووە ، نەلەکۆندا و نەلەئێستاداو بەردەوام لەبەخشینەوەی وێنەی بەدوژمنکردنی هەموو ئەوکەسانەدا بووە کەکارە قێزەونەکانی ئەوانی داوەتەبەر ڕەخنە ... ئەمەیەکەمین جارنییە ئەوکارەدەکات ، بەڵکو بەدرێژایی دەسەلاتیان هەرلەڕێکخراوێکەوە تا حیزب وحکومەت بەردەوام ئازاری نووسەران ڕۆژنامەنووسانیان داوەو چەندان ڕۆژنامەو گۆڤاریان داخستوە، کە نووسینەکانیان لەخزمەتی ئەواندانەبووە و زۆرجاریش گەیشتوەتە ئاستی تیرۆر کردن . ئەگەر لەسەردەمی شیخ مەحمود دا کەسایەتی دیارو ڕەخنەگر (جەمال عیرفان ) تیرۆر دەکرێت ، ئەوادواتر ئەو ڕەوشەدرێژە دەکێشێ و هەرجارەی بەبیانویەك پەلاماری نووسەران و ڕەخنەگران دەدرێت و زۆرجاریش بەپیاوی بێگانە تاوانباریان دەکەن بۆئەوەی زۆربەئاسانی دەمیان پێدابخەن .

من نامەوێت سەرلەبەری مێژووی بزوتنەوەی کوردایەتی بگێڕمەوەو قسەی لەسەر بکەم ، چونکە مێژووی ئەوبزوتنەوەیە بەرامبەر بەنووسەران و ڕۆژنامەنووسان هێندە ڕەشە نەك لەچوارچێوەی ووتارێك دا ، بەڵکو بەکتێبێکیش تەواو نابێت ... ئەوەی دەکرێت قسەی لەسەر بکرێت ماوەی ئەم چەندساڵەی دەسەلاتی کوردایەتیە ، کەلەڕاپەرینی ئازارەوە دەست پێدەکات و تائێستاش درێژەی هەیە .

بزوتنەوەی کوردایەتی هەرلەڕۆژەکانی سەرەتای ڕاپەرین کەوتەگیانی ئەوانەی بەدەهۆڵ و زوڕنای ئەوان هەڵنەدەپەڕین ، بەئاژاوەچی و گێرەشێوێنیان لەقەڵەم دەدان ، سەرەتای هێرشیان بۆکوشتنی دەنگی ڕەخنە بەبانگەوازی داخستنی بزوتنەوەی شورایی دەستی پێکرد ، لەپاڵ ئەوەشدا کەوتنەگیانی ژنان بەناوی ئەخلاق و ناموس پەرستیەوە تیرۆی دەکردن و بەقەولی خۆیان ئەوژنانە سەربەدەزگاکانی بەعس بوون و شەرەفی کوردیان شکاندوە ، کەدروست وانەبوو تەنها سەرەتای دەست پێکردنی پرۆسەی بێدەنگ کردن و ترساندنی کۆمەڵگابوو بەوەی کەنابێت کەس لەدەرەوەی دەرباربوون بۆخۆیان قسەی هەبێت ، یان چالاکی هەبێت ، لەگەڵ ئەوەشدا کەوتەبلاوکردنەوەی تۆمەتی جۆراوجۆر بۆئەوکەسانەی ڕەخنەیان لەدەسەلاتی ئەوان دەگرت ، بەتابوری پێنج وئاژاوەچی و گێرەشێوێن و پیاوی بەعسی لەقەڵەم دەدا ن و کەوتەگرتن و داخستنی ڕۆژنامەو ڕاونانی ئەوکەسانەی هەموو گەندەڵی و تالانیەکانی ئەوانی ئاشکرا دەکرد..

ڕەوتی بەخشینی وێنەی دوژمن بەنووسەران و ڕەخنەگران پانتاییەکی زۆری بیرو عەقڵی دەسەلاتی کوردی داگیرکردو هەزاران کاسەلێس و ماستاوچی لەخۆی کۆکردەوە بۆچاودێری کردنی ڕەخنەگران و نووسەران و لەوەش واوەتر سەدان بەناو نووسەریان هێنایە پانتایی ڕۆشنبیریەوە بۆئەوەی ڕووی خۆیانی پێ جوان بکەن و بەشان و باڵیاندا هەڵ بدات و سووکایەتی بە ڕەخنەگران و کۆمەڵگاش بکات . ئەو ڕەوشە هەتا هەڵگیرسانی

شەڕی ناوخۆیی درێژەی کێشاو بەهەردوو باڵەزلهێزەکەی کوردایەتی ئەوکارەیان دەکرد، بەڵام بەدەست پێکی ئەوشەڕە نەگریسە ئیدی بەناونووسەرەکان کەوتنەگیانی یەکترو بازاڕی جنێو فرۆشیان هێنایە ناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان ، تائاستێك حورمەتی نووسن و ڕەخنە دابەزی بۆئاستی نزمی جنێو ، کەدیسان ئەمەشیان هەدەفی ئەو دەسەڵاتەبوو بۆئەوەی بەر بەنووسەران و ڕەخنەگرانی جدی بگرێت ، هەرچەندە لەو هەوڵەش سەرکەوتوو نەبوون بەرامبەر بەڕخنەی جدی ، بەڵکو لەسەرگەرمی ئەوان بەشەڕی کورسی و پارەو ڤێلا و وێران کردنی کۆمەڵگاو دروستکردنی برینی قوڵ لەجەستەی کۆمەڵگا و سوکایەتی کردن بەئینسانەکان ، نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی جدی کەوتنە ڕەخنەی زۆر توند لەکارو کردەوەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و کۆمەڵگاشیان هاندەدا بەوەی کەدژی ئەو هەموو نەهامەتی و سوکایەتیە بوەستنەوە کە بەژیان و چارەنووستان دەکرێت ، هەربۆیە دەسەڵات کەوتەگرتن و ئازاردنی ئەوانەی هێڵی سوری ئەوا نی دەبەزان ، لەژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ك) بەپاراستن و بەعسی ، لای پارتیش بەزانیاری بەعسی ، بەخشینی ئەم تەسمیانە جگەلەترسی دەسەڵات و سەرکوت کردن بەولاوە هیچی ترنەبوو ... سەرکوتکردنی نووسەران درێژەی کێشاو هەزارویەك ناوناتۆرەیان لەو کەسانەدەنا کەئاویان نەدەکرد بەئاشی ئەواندا ... هەتا ڕوخانی بەعس دەسەڵات بەئارەزووی خۆی توهمەی بەعسی بوونی دەدایە پاڵ ڕەخنەگران ، بەڵام دواتر ئەوپاساوەی لەدەست دا، چونکە ئەو ڕەخنەگرانە لەگەندەڵیەکانی ئەوان ڕەخنەیان دەگرت نەك بەعسی نەبوون ، بگرە ئەوانەی پیاوی بەعس بوون لەسەرکردایەتیەکە خۆیان بوو ، بۆیە دەبوو دەسەڵات ڕێوشوێنێکی تربگرێتەبەر بۆئەوەی کۆمەڵگا بێدەنگ بکات و دەمی نووسەرانی ڕەخنەگردابخات ، دێن ڕێکەوتنی سترا تیژی مۆردەکەن بۆئەوەی ئیتر کەس نەتوانێت ڕەخنەیان لێ بگرێت . سەرەتای ئەو ئەم ڕەوشەتازەیەش بەو ووتەیەی ئاغای بەرزانی ئاشکرادەکرێت کەدەلێت ( جاران جاشایەتی بەچەك دەکرا ، بەڵام ئێستا بەقەڵەم ) ، ئەوەسەرەتای ئەو هەڕەشەیەیە کە ئاغایان تاڵەبانی و بەرزانی دەستیان پێکردوە ، بەڵام گرفتەکە لێرەدایە ئەوان تۆمارێکی دووروو درێژ لەخیانەت و جاشایەتیان هەیە و بە نووسەران و ڕۆژنامەنووسان دەلێن جاش ، دنیایەکی سەیرە جاش خەڵکی تاوانبار بکات بەجاش ئەمەش داهێنانی تازەی کوردایەتی یە . بەهەرحاڵ بۆئەوەی بێینەوە سەر ئەسڵی مەبەست و مەسەلەی لیستی ڕەشی نووسەران ، کەماوەی چەند ڕۆژێکەو دوای کۆبوونەوەکەی سەرۆکایەتی هەرێم بەگەرمی قسەی لەسەر دەکرێ و گوایە چەند ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووس و نووسەرێك ناویان چوەتە ئەولیستەوە ، بەبڕوای من دەسەڵات درەنگ دەستی بۆئەم کارەبرد ، چونکە ئەوان بەردەوام لەژێر پەردەوە ئەوەکاریان بووە ، دیارئیتر پردی تەحەمولیان بەتەواوەتی پچڕاوەو ناتوانن ئەوەی لەناخیاندایە دەری نەبڕن بۆیە ئاشکرایان کرد ... بەڵام تائێستا ئەولیستە بڵاو نەکراوەتەوەو تەنها ئەوە نەبێت کەباس دەکرێت ، پرسیارەکەلێرەدایە بۆناونراوە لیستی ڕەش ، ئەگەر مەبەست لەوەبێت کەئەمانە ئەوەندەتاوانبارن و تۆمارێکیان لەڕەشی هەیە دژی دەسەڵات ، ئەوا کەس بەقەدەر دەسەڵاتی کوردی بەرامبەر بەکۆمەڵگاو ڕۆشنبیران تۆماری ڕەشی نی یە ...

بەڵام دیارە لەلای ئەوان وایە ئەوەی لەگەڵ ئەواندا نەبێت ڕەشە ، ئەمەش ئە ڕاگەیاندنەی ئاغای ( بۆش ) م بەبیر دێنێتەوە کەبەر لەلێدانی ئەفغانستان دای بەگوێ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا بەوەی ، ئەوەی لەبەرەی ئێمەدا نەبێت لەبەرەی تیرۆر دایە ...

هەڵبەتە ئەگەردەسەڵاتی کوردی پێ وابێت بەدانانی لیستی ڕەش دەتوانێت بەر بەڕخنە بگرێت ، ئەوابەدڵنیایی بەهەڵەداچوە ، تائەوجێگایەی بوارەکانی دژایەتی کردنی ڕەخنەگران بەرتەسك بکرێتەوە ڕێگاکانی بەردەم ئازادی فراوان دەبێت و ڕەوتی ڕەخنەش فراوانتر دەبێت و کاسەلێسی و فریودان بەناوی نووسینەوە بەرەو پوکانەوە دەچێت ... لایەنێکی تری بوونی ئەو لیستە ئەوەیەکە دەسەڵات ئەوەندە لاوازو دەستەپاچەیە لەبەرامبەر نووسین و ڕەخنەدا لەرز دایگرتوەو دەزانێت چیتر گرتن و داخستی ڕۆژنامە ناکاتە دەم دورینی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان ، بەڵکو سەرەتای سەرهەڵدانی دنیای ئازادی ڕەخنەی جدیە لەگەندەڵیەکانیان و کۆمەڵگاش زۆرباش ئاشنابوەبەوەی ، کەئەم دەسەڵاتە هەرچی سامانی ئەم وولاتەهەیە لەنێوان خۆیاندا دابەشیان کردوەو ،

خەڵكیش لەهەژاری و نەهامەتی دا ژیان دەگوزەرێنی ، بۆیەچیتر توهمەكانیان بۆ ڕخنەگران گویٚ لێناگیریٚ و نووسەرە دەربارەكانیشیان ناتوانن ، نەك وەڵام بدەنەوە بەڵكو ئاسنی سارد دەكوتن ...
ئەم بزوتنەوەیە بەهەردووباڵی جەلالی و مەلاییەوە ماوەی 50 ساڵ زیاترە یاری بەچارەنووسی كۆمەڵگاوە دەكەن ، بۆبەرژەوەندی خۆیان و نابێت كەسیش ڕەخنەیان لێبگرێت . چەندین كارەساتی ماڵوێرانكەریان بەسەر هاولاتیاندا هێناوەو پێمان دەڵێن بێدەنگ بن ، هەرچی سامانی ئەم وولاتەیە بۆخۆیان هەڵلوشی و پێمادەڵێن نابێت ڕەخنەبگرن ئێوەزمانتان زبرەو ئێمە براو باوكی میللەتین . ڕەنگە بۆوەلامی ئەو قسانەی دەسەلات كەخۆی بەباوكی كۆمەڵگابزانێت ئەو شیعرەی پەشێو خراپ نەبێت ، چونكە میللەت باوكی وای نیە ، پەشیو دەڵێت
( قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن ،
تەوری برای داریش هەیە .
قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن ،
ژاری شیرین ماریش هەیە )
بۆیەناكرێت چی تردەسەلات خۆڵ بكاتە چاوی خەڵكیەوەو فریویان بدات ، هەرگیز دەسەلاتی كوردی باوكی میللەت نەبووە و مارێك بووە شیلەی گیانی مژیوون و دواتر بەژەهرەكەی كوشتونی ، بۆیە پێتان دەڵین دەمی ڕەخنە بەلیستی ڕەش دانـاخریٚ و چاوسوركردنەوەش دادتان نادات ئیوە لەجیدانۆف و هاوشێوەكانی بەتواناترنین ، نووسەرێك لەبەرەی بەرژەندی هاولاتیاندا بێت باگی نییە لەچاوسوور كردنەوەكانتان ، دیسان پەشیو واتەنی ( من هەمیشە ڕووم لەخەڵكە و پشتم لەدەسەلات ) .....

**سلێمانی**
**2007/10/12**

**تێبینی :**
**ئەم بابەتە بۆهەردوو سایتی كوردستان پۆست و كوردستان نێت نێردرا بلاویان نەكردەوە ...**